The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## ناوەندی چاک کۆمیتەی ئەڵمانیا

Tel: 0261-57 98 947
Tel: 0151 177 02136

بانگەواز بۆ کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا

وەک هەمووان ئاگادری ئەوەن خەڵکی کوردستان و میدیاکانی سەرگەرمی دۆزینەوەی چەند کچێکی ئەنفالکراوی کوردن کە رژێمی فاشیستی بەعس، بۆ سووکایەتی کردن بە کورد و خەڵکی کوردستان، بە کلوپەکانی میسری دابوون.

رۆژی یەکشەممە ریکەوتی 10 ـ 12. 2006 سەرۆکی میسر حوسنی موبارەک سەردانی ئەڵمانیا دەکات، ناوەندی چاک بە هەلی دەزانێت بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چارەنووسی ئەو کیژە ستەملێکراوانە، بە خۆنیشاندان و نارەزایی پێشوازی لە حوسنی موبارەک بکات و دووبارە ئەو ستەمە گەورە دژ بە مرۆڤایەتییە بە گوێی جیهاندا بدات.

داوا لە کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا و بە تایبەت کوردانی دڵسۆزی دانیشتوانی بەرلین دەکەین، لە رۆژی دیاریکراودا، لە کات و شوێنی دیاریکراو ئامادەبن.

هاتنتان دڵسۆزییە بۆ دۆزە رەواکەی کورد و هەوڵێکی دیکەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی

کچانی تاڵانکراوی نەتەوە بندەستەکەتان.

ناونیشان:

Bundeskanzleramat
Willy-Brandt  str 1
10557 Brlin

بۆ زانینی کاتی خۆنیشاندانەکە، تکایە پێوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن:

Tel:   03053662943
Mob:  017661015461

ناوەندی چاک ـ 5 .12 .2006